ئەڤین هروری

ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی
پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گولان:

# هەتا پیاو هەموو بڕیارەکان بدات ئافرەت ناتوانێت لەنێو بڕیارە سیاسیەکاندا جێی خۆی بکاتەوە

**ئەڤین هروری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەدیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشک دەخاتە سەر پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد و هێما بۆ ئەوە دەکات کە تائێستا زۆر بەکەمی ئافرەتی کورد خۆی لە بواری سیاسەت دەرخستووە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت نابێت پۆستی کارتۆنی و نمایشی وەربگرێت، پێویستە بەکاری جددی خۆی بسەلمێنێت، لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**• زۆرجار دەگوترێ ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیەو دایکی کۆمەڵگەشە، بەڵام بۆچی زۆرجار لەکاتی هەڵبژاردن متمانەی پێناکرێ و دەنگی پێنادەن؟**

- بێگومان ئەوە ڕەهەندی جیاوازی هەیە، ڕاستە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە، بەڵام لەکاراکردنی کۆمەڵگەو بەشداری لەدەسەڵاتدا نابێتە نیوەی کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا کە ڕەهەندی ئایینی و کەلتووری و بەتایبەتی کاریگەرییەکانی ئایین، هەموو ئەوانە ڕۆڵی زۆریان هەیە لەوەی کە ئافرەت نەتوانێت لەپێگەی خۆیدا جێی ببێتەوە. هەرچەندە لەکۆتایی سەدەی ڕابردوو تاوەکو سەرەتای ئەم سەدەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکارییەکی زۆر ڕوویداوە، بێگومان کوردستانیش بەدەر نەبووە لەو گۆڕانکارییە، بەڵام سەرجەم گۆڕانکارییەکان گۆڕانکاری ئاسۆیی بوون، واتە هەمواركردنی هەندێك یاسا و دانانی چەند ئافرەتێك بووە لە پۆستی وەزارەتەکانی حکومەتدا ودانانی ڕێژەی ٣٠٪ بووە وەك کۆتا بۆ بەشداری ئافرەت لە پەرلەماندا، بەلام چارەسەری پرسی ئافرەت پێویستی بە گۆڕانکاری ستوونی هەیە، ئەمەش دەبێت کۆمەڵگە بەرەو ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ هەنگاو هەڵبگرێت کە بە شێوەیەکی پراکتیکی هەنگاو





بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو هەڵبگیرێت، بۆ ئەمەش دەبێت هەموو کۆمەڵگە خۆی بە خاوەنی کێشەکە بزانێت، ئەوکات کێشەکە دەچێتە قاڵبێکی نوێ و بەدیدێکی یەکسان تەماشای هەموو کۆمەڵگە دەکرێت .

**● لەهەرێمی کوردستان تاچەند ئافرەت توانیویەتی لەناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا جێگەی خۆی بکاتەوە؟**

- پێشتر لەهەرێمی کوردستان، نەك لەبواری سیاسەت، بەڵکو چەند بوارێکی دیکەش هەبوون کە دەیانگوت نابێت ئافرەت لەوبوارانەدا چالاکی هەبێت، بۆ نموونە بواری پۆلیس و ئاسایش، تەنانەت بواری ڕاگەیاندنیش ئافرەت زۆر کەم دەچوون، هەربۆیە ئافرەتمان نەدەبینی پۆلیس بێت، یان زۆر بەشەرمەوە دەچووە سەر شاشەی تەلەفیزیۆن، ئێستا تاڕادەیەك دۆخەکە گۆڕاوە و ئافرەت توانیویەتی لەم بوارانەدا دەرکەوێت، بەڵام تا ئێستاش زۆر بەکەمی ئافرەت لە وڵاتی ئێمە خۆی لە بواری سیاسەت دەرخستووە، چونکە ئەو فکرە هەیە کە سیاسەت تایبەتە بەپیاوان و بەپێویستیشی دەزانن هەر پیاو بڕیار بدات، بۆیە هەتا ئەگەر ئافرەت لە پۆستی سەرکردایەتیشدا بێت، هەر پیاو خۆی بەخاوەنی بڕیار دەزانێت و ئافرەت بە مونافیسی خۆی نازانێت، هەربۆیە هەتا پیاوان هەموو بڕیارێك بدەن، ئافرەت ناتوانێت لەنێو بڕیارە سیاسییەکاندا جێی خۆی بکاتەوە.

**● لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە ناوەندە حزبییەکاندا ئەدای ئافرەتان چۆن دەبینی؟**

- پەرلەمانتارانی ئافرەت لە کوردستان زۆر بابەت دەوروژێنن و قسەی لەسەر دەکەن، لە پەرلەمانی عێراقیشدا ڕۆلی خۆیان هەیە،لە حزبەکانیش بەپێی ئەو ڕێژەی بەشدارن چالاکی خۆیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هێشتا فکری پیاوسالاری لە کۆمەڵگە زاڵە، ژمارەی ئافرەتانی چالاك کەمە و لە ئاستی تمووحی ئێمەدا نییە.

**● لەدوای کۆنگرەی ١٣ ڕێژەی ئافرەتان لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەندێك زیادی کرد، ئایا ئێوە ئێستا لەو ئومێدەن هێشتا زیاتر بکرێت؟**

- لە دواکۆنگرەی پارتی بە بەراورد بە کۆنگرەکانی پێشوو دەرفەتی زیاتر بۆ ئامادەبوونی ئافرەتانی سەرکردە ڕەخسا، لەکۆنگرەکانی پێشوو تەنیا یەك ئافرەتی سەرکردە هەبوو، بەڵام لەکۆنگرەی ١٣دا بەرزکرایەوە بۆ ڕێژەی ١٠٪، ئەوە خۆی هەنگاوێکی زۆر باش بوو، بەڵام لە ئاستی تموحی ئێمەدا نییە. لە کۆنفرانسەکانی ساڵی رابردووش چەند هەنگاوێکی باشمان نا بۆ ئەوەی ڕێژەی ئافرەت زیاد بکرێ، کە نزیکەی هەزار ئافرەت لەسەرجەم ڕێکخستنەکاندا پلەیان سەرکەوت، بەڵام هێشتا ئێمە هەوڵدەدەین کە ڕێژەکە زیاتر بکەین.

**● بۆچی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەتان نەیانتوانیوە ئافرەتی سەرکردە و بەتوانا پەروەردە بکەن کە بتوانێت خۆی لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا بسەلمێنێت؟**

- من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە نەیانتوانیوە ئافرەتی سەرکردە دروست بکەن، خۆی ئەمە مەسەلەیەکی ڕێژەییە، قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیش کاریگەری خۆی هەبووە، بۆ نموونە پێش ڕاپەڕین لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسییەی لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەبوو، نەتوانراوە لەو بوارەدا کار بکرێ، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە توانیومانە هەندێك پێگەی جوان لە کوردستان دابنێین، ئینجا ئەگەر لێرەوە بێمە سەر ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتان، ئەوا بەراشکاوی دەڵێم دەیان ئافرەت لەیەکێتی ئافرەتانەوە پێگەییشتوون، من یەکێکم لەو ئافرەتانەی کە پێشتر لەو ڕێکخراوە بووم و ئێستا لەسەرکردایەتیم، و ئافرەتیش هەن کەپێشتر لەیەکێتی ئافرەتان بوون و ئێستا پەرلەمانتارن لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یان چەندین بەڕێوەبەری گشتی هەن کە لە یەکێتی ئافرەتان پێگەیشتوون، ئێستاش یەکێتی ئافرەتان ئەو جددییەتەیان هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکەن و هاوشانی پیاوان بتوانن لەقەراری سیاسیدا بەشداربن.

**● ئەجندای پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان چۆن دەبینی؟**

- لەو بوارەدا کاری زۆر کراوە، لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ کۆمەڵێك یاسا دەرچوون کەهەمووی تایبەت بوون بەمافی ئافرەت، لەساڵی ٢٠٠٨دا یاسای نەهێشتنی فرەژنی دەرچوو، لەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەراتی توندوتیژی



دەرچـــوو، دواتـــر بڕیـــاری دامەزراندنـــی ئەنجومەنـــی بـــاڵای خانمـــان دەرچـــوو، ئەمانـــە هەموویان هەنگاوێکـــی زۆر باش بوون. ئەمســـاڵیش لەیادی ڕۆژی جیهانی بەرێوەچوونی هەڵمەتـــی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیـــدا هەڵمەتێکـــی زۆر بەرفـــراوان بەرێوەچوو، لەڕووی ڕاگەیاندنیشەوە گرنگی زۆری پێدراو ئەوەندەی من ئاگادارم، بۆردێك هەیە لـــە ئەنجومەنی خانمان و لە شـــەش وەزارەت پێکهاتووە لەســـەر ئاستی حکومەت کە ئەمەش هەنگاوێکی زۆر باشە .

*** زۆر لەچالاکوانانـــی ژنـــان و ئافرەتـــان گلەیی ئەوە لەحکومـــەت دەکەن بەوەی کە ئافرەتان وەك دەســـتە گوڵێك لەناو حکومەتدا بەکاردەهێنن و خـــاوەن بڕیار نین، لەوبارەیەوە رات چییە؟**

- ئـــەوە بەشـــێکی دەگەڕێتـــەوە بۆ خودی ئافـــرەت، کە نابێت شـــتی وا قبووڵ بکات، ئافرەت نابێت پۆســـتی کارتۆنی و نمایشی وەربگرێـــت، دەبێت بـــە کاری جددی خۆی بســـەلمێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کەموکوڕی لە خودی حکومەتیش هەیە، بۆ نموونە لـــە کابینەی حەوتەمیش هەر هەمان وەزیری ئافـــرەت دانرایەوە کـــە لەکابینەی شەشـــدا هەبوو، ئافرەتی دیکەش بەشـــدار نەکران، ئەگەر بگوترێ ئافرەتی بەتوانامان نییە بۆ پلەی وەزیری، ئەوا ناتوانرێت ڕاستی ئەو قسەیە بسەلمێنرێت.

چونکە مەعقوول نییە دوای بیســـت ساڵ ئازادی یـــەك ئافرەت تەنها وەزیری ئافرەتی ناو حکومەت بێت.

**زیاتر لە پەنجا ساڵ پێش ئێستا بارزانی نەمر هەستی بەوەکرد کە پێویستە ڕێکخراوێک هەبێت بەرگری لەئافرەتان بکات**

**● لەنێـــو موناقەشـــە سیاســـیەکانی نێـــو پارتیدا،تاچەند قسەی ئافرەتان وەردەگیرێت؟**

- بێگومان کـــە کۆبوونەوە دەکرێت، ئێمەش وەك براکانمان لە ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی بەشدار دەبین و ڕای ئێمەش بەهەند وەردەگرن، هەر بڕیارێکیش بدرێت ئێمە تێیدا بەشدارین.

**● ئەی کەواتە بۆچی هیچ ئافرەتێك ئەندامی ئەو شـــاندانە نییە کە بۆ کێشەکانی عێراق و هەرێم پێکدەهێنرێن؟**

- ئـــەوە ڕاســـتە کـــە ئافرەتـــان ڕۆڵێکی دیاریان لەبڕیارە سیاسیەکان و لەچارەسەری کێشەکانی عێراق و هەرێمدا نییە، کە وەفدی دانوســـتان دەچێـــت، هەر پیـــاوە و ئافرەت نابینیت، هیواداریین پارتی دەستپێشخەر بێت لەم هەنگاوەدا، لەبەر ئەوەی بەدانانی ئافرەت لە ناو وەفدەکان زیاتر سیمای دیموکراسی بە هەرێم ببەخشێت.

*** گومانـــی تێدا نییە و مێژووی شـــاهیدە کە ڕێبازی بارزانی هەمیشە ڕێزی لەئافرەت گرتووە و مافەکانی پاراستووە، بەڵام بۆچی هەندێك هەتا ئێستاش توندوتیژی دژ بەژنان بەکاردەهێنن؟**

- توندوتیـــژی لەناو هەمـــوو کۆمەڵگە و حزبێکدا بەشـــێوەی ڕێژەیی هەیەو ناتوانین بڵێیـــن تەنیا لەنـــاو پارتیدا هەیـــە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ســـاڵی ١٩٤٨ کە جاڕنامەی گەردوونـــی مافـــی مـــرۆڤ ڕاگەیەندرا، دوای چەند ساڵێك واتە لەساڵی ١٩٥٣ واتە نزیکەی شەســـت ســـاڵ پێش ئێستا بارزانی نەمر هەستی بەوەکرد کە پێویستە ڕێکخراوێك هەبێـــت بەرگری لەئافرەتان بکات و یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتانی دامەزراند، بێگومان ئەو کاتەش خەباتی ئافرەتان زیاتر بە نهێنی



بوو، یان زیاتر هـــاوکاری باوك وبرا و مێرد بوون، یان لـــە بواری ئامادەکردنی خواردن و تەتەری و حەواندنەوەی پێشـــمەرگە کاریان دەکرد، بۆیە گرنگە پێش هەر حزبێك، پارتی پارێزەری مافی ئافرەت بێت و ڕێز لە خەبات و توانایان بگرێت.

*** با رەخنەیەك لەئێوەش بگرین، قســـەیەك هەیە دەڵێن زۆربەی ئافرەتانی پارتی هەست بەوەدەکـــەن، کە خانمانی ناو ســـەرکردایەتی پارتـــی ئافرەتانی خوار خۆیـــان نابینن، تۆ لەمبارەوە چی دەڵێت؟**

- پێموایـــە ئەو گلەییـــە ڕێژەییە، من خۆم تەلەفۆنم ٢٤ ســـەعات کراوەیـــە، هەرکەس تەلفۆن بکات یەکســـەر وەڵامـــی دەدەمەوە، دەرگاشـــم هەمیشـــە بۆ ئافرەتانی و پارتی و هەمـــوو ئافرەتێك کراوەیە، من خۆم وەهام، ئەوانی تریش نازانم چۆنن.

*** ئەی زۆرجـــار دەگوتـــرێ هەڵبژاردنی ئافرەتان لەناو پارتیدا بە خزم خزمانەیە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- ئـــەو دیاردەیە نـــەك لەناو حـــزب، لەناو حکومەتیـــش هەیـــە، چونکـــە هەموومان پـــەروەردەی ئـــەم کۆمەڵگەیەین، من خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم، لەبەر ئەوەی دەبێت ئافرەت خۆی کارامە بێت. ناشـــڵێم ئەوانەی کە بەو ڕێگەیە هەڵبژێـــروان بەتوانا نین، زۆر کەس هەیـــە بەو ڕێگەش هاتووە، بەڵام خۆیشـــی هەوڵی زۆری داوەو کەســـی زۆر بەتوانای لێدروست بووەو خۆی پێگەیاندووە.

*** ئایا ڕێژەی ئافرەتان لەئاستی بەرپرسیارێتی و ئەندامەتی لق و ناوچەکان چۆنە؟**

- ئێستا جگە لە لقی یەك و لقی دە لەهەموو لقەکانی پارتـــی ئافرەتێکمان وەك کارگێڕی لق هەیە، بەڵام لەئاســـتی بەرپرســـی لق و ئەندامـــی لق و بەرپرســـی ناوچە ئافرەتمان نییە. هەرچەندە پێش گۆنگرە، یەك ئافرەتمان هەبوو کە بەرپرســـی ناوچەی هەورامان بوو، ئەو ئافرەتـــەش نموونەیەکـــی زۆر جوان و سەرکەوتوو بوو لەکارەکەی، کە پێویستە زۆر ئافرەت و پیاوی حزبی چاوی لێبکەن.

*** ڕۆڵـــی ڕاگەیانـــدن و کارتێکردنـــی لە کۆمەڵگە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- زۆر کـــەس گلەیی لە ڕاگەیاندن دەکات، هەشە دەستخۆشییان لێدەکات، ڕاگەیاندنەکان بەگشـــتی کاری باش و خـــراپ و ئەرێنی و نەرێنییان بـــووە، ئەوەی زیاتر خزمەتی بە وشیاری نیشـــتمانی و کۆمەڵایەتی کردووە، دەستخۆشـــییان لێدەکەیـــن و ئەوانەشـــی نا واقیعی بوون لە ڕوومالی کارە مەیدانییەکان کاری لـــە دەرەوەی پێوانەکانـــی ڕاگەیاندن کردووە، ڕەخنەیان لێدەگرین. بەڵام زۆرینەیان بەپێی توانای خۆیان کاری ئەرێنییان کردووە، ڕاگەیاندنیـــش کارتێکردنی زۆری لەســـەر کۆمەڵگە هەیەو پێویســـتە باشـــتری بکەین و ئەو بۆشـــاییانەی هەیە چاکتری بکەین و خەلەلەکان نەهێڵین.

*** ئەگـــەر ئەڤین هەرووری ئەو دەســـەڵاتەی پێبدرێت کێشەی ئافرەت چارەسەر بکات، ئایا لەهەرێمی کوردستان چۆن کێشەی ئافرەتان چارەسەردەکات؟**

- من دەگەڕمەوە بۆیاسا، چونکە یاسا تاکە ڕێگەیە بۆ چارەســـەری کێشـــەکان، دەبێت بەدواداچوونـــی جدیش بـــۆ جێبەجێکردنی یاساکان بکرێت. بۆ نموونە یاسای کوشتنی ئافرەت بەبیانووی شـــەرەف لەساڵی ٢٠٠٢ هەموارکراوە، بەڵام هەتا ئێستا کەسانێك هەن ئافرەت دەکوژن و ئاریشـــەکەی بۆچارەسەر دەکەن و کۆمەڵگەش بە ئازا پیشانی دەدات، بەبیانوی ئەوەی کە شـــەرەفی پاراســـتووە، بەڵام بە یاسا دەکرێ هەموو بکوژێك سزای تونـــد ببینێت بۆ ئەوەی کوشـــتن بە هەموو جۆرەکانیەوە بنبڕ بکرێت.

**پێویستە پرۆگرامی تواناسازی بۆ راهێنانی ئافرەتان بایەخی پێبدرێت بۆ ئەوەی لە ئاستی بڕیاردان جێگەیان بۆ بکرێتەوە**

**مەعقوول نییە دوای ٢٠ ساڵ ئازادی یەک ئافرەت تەنها وەزیری ناو حکومەت بێت**



**پرۆ فایل:**

**ئەڤین هەروری، لەســـاڵی ١٩٨٧ـەوە کاری ڕێکخراویـــی کـــردووە، هاوســـەرگیری کـــردووەو دایکـــی دوومنداڵە. لەســـاڵی ١٩٩٢بۆتە بەرپرســـی ڕێکخراو، ئێستاش ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە.**

# ئەو ئاگرە هەڵایساوانەی

**پاراستنی شیرازەی خێزانی لەلایەن هاوسەرانەوە یەکێکە لە بنەماکانی مرۆڤایەتی و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، رێژەو هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەرانیش لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا جیاوازە، زۆرجاریش بەهۆی جیاوازیی تەمەن، هاوسەرگیری بە بەزۆرەملێ، ژن بە ژنێ، لێکتێنەگەیشتن، جیاوازیی ئاستی رۆشنبیری و ئابووری و بەکارهێنانی توندوتیژی و .. هتد، ژمارەیەکی زۆر لە هاوسەران لە یەکتر جیادەبنەوە، بەڵام ئەو هاوسەرانەش کە بە خۆشەویستی و بە خواستی خۆیان ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن و دوای ماوەیەکی کەم جیادەبنەوە، کەم نین. ئاخۆ هۆکاری ئەو تێکچوونی شیرازەی خێزانی و جیابوونەوەی لەو جۆرە چین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**هاوسەرگیری بەبێ یەکترناسین و تێگەیشتن لەیەکدی تووشی داڕووخان دێت**

زۆربەی کوڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی لایەنگری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەشی بێ کێشەو گرفت، هاوسەران بەباشی یەکتر بناسن و هەست و سۆز و لەیەکتێگەیشتنیان هەبێت. ئەگینا ژیانێکی بێ ئەو بنەمایە تووشی داڕووخان دێت و، درەنگ، یان زوو بەرەو لێکجیابوونەوە و ترازان دەچێت، بێگومان لەبەرهەمی هاوسەرگیرییەکی بێ ناسین و بێ سۆزیشدا کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست دێتە بەرهەم. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی زۆر لەو هاوسەرگیرییانەش کە لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی دامەزراون، دوای ماوەیەك ئەو گڕوتینەی جارانی لەدەستدەدا و ئاگری ئەوینە ئاگرینەکە دادەمرکێت و بەرەو ژیلەمۆ دەچێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەو دەوڵەمەندکردنی راپۆرتەکە سەردانی یەکێك لە دادگا هەرە قەرەباڵغەکان دەکەین و لەنزیکەوە ئەو کەسانە دەدوێنین کە لە ژیانی هاوبەشیدا تووشی شکست هاتوون و ئاگری ئەوینە سۆزدارییەکانیان بەرەو دامرکان دەچێت.

**گفتوگۆیەك لە هۆڵی دادگادا**

لەسەر کورسییەکان رێڕەوی دادگادا، دوو ئافرەت چاوەڕوانی ئەوەن دادوەر بانگیان بکات، یەکێك لە ئافرەتەکان لێم نزیك دەبێتەوە و دەپرسێت:

-بەڕێز تۆ (محامی)یت؟

-نەخێر، بۆچی پێویستتان بە (محامی)یە؟ کێشەتان چییە؟

ئافرەتەکە کە تەمەنی لەسەرووی ٤٠ ساڵییە، دەڵێت: ئەو ژنەی کە دانیشتووە خوشکمە، نیازی هەیە لەهاوسەرەکەی جیابێتەوە، هەرچەندە هێشتا سێ ساڵ بەسەر ژیانی هاوبەشیاندا تێناپەڕێت، کەچی ئەمڕۆ نیازی جیابوونەوەیان هەیە.

کاتێك گوێبیستی ویستی شتی لەو جۆرە دەبین، راستەوخۆ هۆکارەکەی بۆ (جیاوازیی تەمەن، هاوسەرگیری بە بەزۆرەملێ، ژن بە ژنێ، لێکتێنەگەیشتن، جیاوازی ئاستی رۆشنبیری و ئابووری و بەکارهێنانی توندوتیژی و ... تاد) دەگێڕینەوە، بەڵام وەك ئەو ئافرەتە باسیکرد، «بەپێچەوانەوە، هەڵاڵەی خوشکم نە بە زۆری و نە ژن بەژنە و نە هۆکارێکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەبووە، کە وای لێبکات ژیان لەگەڵ (کامەران)ی هاوسەری پێکبێنێت، کامەران و هەڵاڵە سێ ساڵ یەکتریان خۆشدەویست، گەرچی زۆربەی ئەندامانی بنەماڵە بەو هاوسەرگیرییە رازی نەبوون، بەڵام خوشکم دەیگوت گەر ئەو نەبێت هیچ



# زوو دادەمرکێنەوە



کەسێکی دیکەم ناوێت و تەنانەت هەڕەشەی خۆکوشتنیشی دەکرد، ئێمەش لەبەر دڵی ئەو ناچار بووین، ئەگینا هەر لەسەرەتاوە دەمانزانی ئەو دووانە چارەنووسیان بەم ڕۆژە دەگات».

**ئەگەر سۆز و ئەوین بنەمای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیان بووە بۆچی ئەو کۆشکی ئەوینە دەڕووخێنن؟**

ئەو ئاگری سۆزەی لە نێوان هەڵاڵە و کامەراندا بووە، دوای تێپەڕینی کەمتر لە سێ ساڵ دادەمرکێتەوە و هەمــوو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کــە کۆتایی بەو ژیانە هاوبەشــە بێنن. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی هەڵاڵە نیازی هەبووە گەر نەیــدەن بە کامەران کۆتایی بە ژیانی بێنێت؟ ئەی ئەگەر ســۆز و ئەوین بنەمای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشــیان بووە، بۆ ئەو بنەما و کۆشکی ئەوینە دەڕووخێنن؟

لــە کۆمەڵگەی ئێمەدا ســەدان هەڵاڵە و کامەران لە دادگاکاندا دەبیندرێــن، تەنانەت لەو دادگایەی کە بە نیازی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ســەردانمان کرد، چەندین کەسی هاوشێوەی (هەڵاڵە و کامەران) دەبیندرێن کە لە ماوەیەکی کەمی ژیانی هاوبەشیاندا بەنیازی لێکجیابوونەوەن.

هــەر لەوادادگایــەدا، چاوێــك بــە دۆســیەی لێکجیابوونــەوەی (هاوژین و ئارام)دا دەخشــێنین، کە نزیکەی ١٥ ســاڵە پێکەوە دەژین، ئەوان ســێ منداڵیــان هەیەو بــێ ئەوەی بیر لە چارەنووســی منداڵەکانیــان بکەنەوە، بڕیــاری جیابوونەوە دەدەن. وەك خۆیان ئاماژەیان پێدا، لەســەرەتای دەستپێکی ژیانــی هاوبەشــیاندا هیچ لــە بنەماڵەکانیان بەو هاوســەرگیرییە ڕازی نەبوون، هەربۆیە لە شەوێکدا هاوژین ڕەدوو کەوتووەو لەگەڵ ئارام بۆ شــارێکی دیکە ڕۆیشــتوون، دوای ئەوەی کە لەلایەن هەردوو خێزانەوە ئاشت دەکرێنەوە و دوای تێپەڕینی ١٥ ساڵ بەســەر ئەو ژیانەیاندا، کەچی ئێســتا ئارام داوای جیابوونــەوە دەکات. لەوەڵامی ئەو پرسیارەشــدا کە چ هۆکارێــك پاڵی پێوەناوەی کە لە هاوســەرەکەت جیاببیتەوە؟ ئارام دەڵێت «خۆزگە ژیانی هاوبەشــم پێکنەدەهێنــا، خۆزگە قەت ژنم نەدەهێنا، راســتە ئــەوەی هێناومە بە ویســتی خۆم بــووە، ئەوکات ئەوەندەم خۆشدەویست ساتێك بێ ئەو نەدەژیام، بەڵام لەدواییدا دەرکەوت ئەوەی دەمویست ئەوە نەبوو، هەر لەســەرەتاکانی ژیاندا نیازمان هەبوو لێکجیاببینەوە، بــەڵام چ بکەیــن، بوونی منداڵ ببووە بەربەســت لەڕێگەمان، ئێســتاش هیچ ڕێگەیەك نەماوە جگە لەوەی کە لێکجیاببینەوە.

**ئەگەر جیهان سەرلەنوێش دروست بێتەوە، هەر هاوسەرەکەی خۆم هەڵدەبژێرمەوە**

هۆکارەکانی لێکجیابوونەوەی (هەڵاڵە و کامەران) و (هاوژین و ئارام) هەرچییەك بن، یان گرفتەکانیان چۆن تەشــەنەی کردبێت، ئەو راستییە دەگەیەنێت کە عەشــق و خۆشەویستی لە ژیانی هاوبەشدا بەتەنیــا بــەس نییە، گرفتــە دەروونی و مادییــەکان کە دواتر دێنــە پێش، یەکتر نەناســینی ڕۆح و دەروونــی یەکتر کە دوایی خۆی دەردەخــات، هەڵگری ئەو ڕاستییەن کە خۆشەویستییەك وەفاداری لەگەڵ نەبێت، ســۆزێك کە خۆبەخشــینی لەگەڵ نەبێت، ئاکامەکەی بەرەو دارمان دەچێت..

سەدان نموونەی پێچەوانەی ئەو ژیانە هاوبەشانەی لەســەرەوە ئاماژەمان پێکرد لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونــی هەیە، بەو واتەیە کە دوو کەس لەســەرەتادا هیچ هەست و ســۆزێکیان بەرامبەر بەیەك نەبووە، بــەڵام دوای ئەوەی کە پێکەوە ژیانی هاوبەشــیان پێکهێناوە، خۆشەویستییەکی واقیعی و سۆزێکی بێ بەرامبەر لەناویاندا دروســت بووە کە بووەتە بناغەی ژیانێکــی بەختەوەرانە. ئەوەتــا فاتیمە دەڵێت :ئەو کاتــەی کە فاروق هاتــە داخوازیم، بەهیچ جۆرێك رازی نەبووم کە لەگەڵ ئەو ژیانی هاوبەش پێکبێنم، یەکەمجار کــە بنەماڵەی فاروق هاتن بۆ داخوازی وەڵامی ڕەفزم دانەوەو گوتم، ئێوە واباشترە کەسێکی دیکە بۆ کوڕەکەتان هەڵبژێــرن، من ئامادە نیم کە لەگەڵ ئەو کەسە هاوســەرگیری بکەم. هەرچەندە بنەماڵەکەم و دایك و باوکم دەیانگوت ئێمە بنەماڵەکە دەناسین، کوڕەکەش زۆر ڕێك و ڕەوشتبەرزە، دەتوانێت بەختەوەرت بکات، من هەمیشــە دەمگوت ئەگەر هیچ کەســێك نەبێت، هێشــتا ئامادە نیم لەگەڵی بژیم. بەڵام دواتر خوا چارەنووسی ئێمەی یەکخست، ئەوەی لە ژیانمدا دەمویســت ئەوبــوو، هەموو ئەو تایبەتمەندییانــەی تێدایــە کە من لە هاوســەری داهاتوومدا دەمدیت. ئێستا بە هەموو جیهانی نادەم، نەك لەبەر ئەوە ئەو قسانە دەکەم کە لەگەڵ ئەودام، بڕوا بکە وانییە، ئێســتا تێیگەیشــتووم و لەگەڵ هەڵســوکەوت و کرداری ئەو ئاشــنابوومە، ئەگەر جیهان سەرلەنوێش دروســت بێتەوە، هێشتا من ئەو هەڵدەبژێرمەوە بۆ ژیانی هاوسەری.

**سەرکەوتنی ژیانێکی پڕلە بەختەوەری لەخۆشەویستییە بێ بنەماکاندا نییە**

گەر لەبواری کۆمەڵناسییەوە لەچۆنیەتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ئەو نموونانەی باسمان کردن، بدوێین، دەگەینە ڕاستییەك کە ئەو ئاگری ئەوینەی کە زوو هەڵدەبێت و عەشــقێك کە تێکەڵاوە لەگەڵ جیهانی ڕۆمانتیکــی و خەیاڵی، چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت کە زووش بکوژێتەوەو ببێتــە ژیلەمۆ، چۆنکە ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ســەرکەوتنی ژیانێکی بەختەوەر، لەخۆشەویســتییە بــێ بنەماکاندا نییە، لەسەردەمی خۆیدا کاتێك کە لە (هەڵاڵە)ت پرسیبا، بۆچی ئامادە نیت جگە لە کامەران کەسێکی دیکە بۆ ژیــان هەڵبژێــری؟ یان ئەو کــوڕە چ تایبەتمەندییەکــی تێدایە، کە لە کەســانی دیکەدا نییە؟ ئایــا کامەران دەتوانێت هاوســەرێکی وەفادار بۆ تۆ و باوکێکی دڵسۆز بێت بۆ منداڵەکانت، هەڵاڵە ئەوکات دەیگوت من ئەوانە نازانم تەنیا ئەوەندە کە من خۆشم دەوێت و بەس.

بێگومان خۆشەویستی لەوجۆرە و بێ ئەوەی بیرێکی قووڵی لەپشــت بێت، دەبێتە بڵقی ســەرئاو و ئارام ئارام دەپووکێتەوەو لە کۆتاییدا لە تەراویلکە دەچێت. ئەوکات خۆزگە دەخوازن قەد یەکتریان نەناسیبا، بۆ ئەوەی تووشی ئەو گرفتانە نەبن.

بۆ ئــەوەی دادگاکان کەمتر ئەو جۆرە دۆســیەیان بۆ بێتەپێــش، دەبێت هەردوولا بە تێگەیشــتنێکی بابەتییانەوە لە دونیای دوای هاوسەرگیری بڕوانن، بزانن کە ژیان هەمووی خۆشی و مانگی هەنگوین نییە، باشترین ڕێگەچارەسەر بۆ نەهاتنە پێشی ئەو گرفتانە ئەوەیە کە تەمەنی هاوسەرگیری لە هەردوو ڕەگەزدا بگاتە تەمەنی کامل بوونی تێگەیشــتن و دوورکەوتنەوە لە هەســت و ئیحساسات، لە تەمەنی هەرزەکاریدا هەســت و ئیحساسات زاڵ دەبن بەسەر تێگەیشتن و هزر و لێکدانەوەدا، کەوایە گەر تەمەنی هاوســەرگیری بگاتــە قۆناغێك کــە دووربێت لە هەڵچوونی دەروون و ورووژانی سێکســی، ئەوکات هەردوولا باشتر بیردەکەنەوە و یەکتریان خۆشدەوێت، بەڵام خۆشەویســتی و عەشقێکی دوور لە هەستی سێکسی و تێکەڵاو لەگەڵ لێکدانەوەو بیرکردنەوەی دروســت، لەکاتێکی ئاوادا کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر دروســت دەبێــت. هەرچەندە نموونــەی (فاتیمە و فاروق) هەمیشــە نموونەیەکی ســەرکەوتوو نییە، بەڵام بەهەزاران کەسیش کە پێشتر یەکتریان نەدیوەو نەناســیوە، دواتر سۆز و خۆشەویســتی ڕاستەقینە بووەتە هەوێنی ژیانی پڕ لەکامەرانییان.

تەمــەن لەپووکاندنــەوەی بڵقــە تراویلکەییانەدا و کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە درۆینەی ئەوینەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، تەمەن دەبێتە هۆی هۆشیاریی زیاتر و بەدەستهێنانی ئەزموونێکی زۆرتر.. کوڕ وکچ هەتا نەگەنە تەمەنی هۆشــیاری هزری، واباشترە نەچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، چونکە گرفتی ماددی هەمیشــە نابێتە گرفتی ژیان، ئەگەر هۆشیاری و خۆشەویستی لەنێوان هەردوولادا هەبێت، بە ئاسانی بەسەر گرفتەکانی ژیاندا زاڵ دەبن.